ئینزاگی پێیوایە دەتوانن ببنە پاڵەوانی چامپیۆنز لیگ



ئینزاگی پێیوایە دەتوانن ببنە پاڵەوانی چامپیۆنز لیگ و دوپاتیکردەوە کە ڕووبەڕووی تیپێکی گەورە دەبنەوە.

سیمیۆنی ئینزاگی ڕاهێنەری ئینتەر میلان، پێش ڕووبەڕووبوونەوەی پاریس سان جەرمان ڕایگەیاند، دڵخۆشم لە یانەکەم و هەموو ئەوەی پێویستە لەم یانەیە هەیە بۆ ئەوەی ڕەزامەندی بدەستبهێنم.

ئینزاگی دووپاتیشیکردەوە، ئەوان وەک ئینتەر میلان کاری زۆریان کردووە و پێیوایە چامپیۆنز لیگ دەبنەوە، دواتریش دەیانەوێت ببنە پاڵەوانی جامی جیهانی یانکان.

وتیشی: بە بردنەوەی یاری کۆتایی چامپیۆنزلیگ پێویستە هەموو شتێک بکەیت، دەبێت وریای هەموو وردەکارییەک بین ئەمە ڕووبەڕووی تیپێکی زۆر گەورە دەبینەوە و شایەنی ئەوە بوون بگەنە یاری کۆتایی، پاریس سان جەرمان هێزێکی باوەڕپێنەکراو و ناهێنەرێکی گەورەی هەیە.

دەشێت: ئەم دەزانین یارییەکەمان بەرامبەر پاریس چێندە گرنگە، جیاوازی نێوان بردنەوە و شکست زۆری و ئاسمانە، سەرجەم یاریزانەکانیش درک بەوە دەکەن، لەبەر ئەوە دەمانەوێت خۆشییەکی گەورە بە هاندەرانمان بدەین.

وتیشی: داهاتووم دوای یاریی کۆتایی چامپیۆنز لیگ یەکلادەبێتەوە، دوای یاریییەکە بە رووبی قسە لەگەڵ بەڕێوبەرانی یانەکە دەکەم، بڕیار ئێستا تەواوی سەرنجم لەسەر یاریی کۆتاییە.